# راگەیاندنی گشتیی ڕێکخراوی چاودێریی مافی ژنی کورد

## بۆ عێراقێکی سێکیولەر «عیلمانی» و چەسپاندنی مافەکانی ژن
## لە دەستوری نوێی عێراقدا

دوای ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی کە لیستی هاوپەیمانی شیعەکان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە 30 کانونی دووەمدا بەدەستیان هێنا و بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە بە پێویستییەکی هەنووکەیی دەزانین کە داوا بکەین مافەکانی ژن لە دەستوری نوێی عێراقدا بچەسپێنرێن. هەرچەندە هاوپەیمانی شیعە ڕایگەیاندووە کە نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی نیە لە عێراقدا، ئێمە لە ڕێکخراوی چاودێریی مافی ژنی کورد دا بە پێویستی دەزانن دەسەڵاتدارانی شیعە ئاگاداربکەینەوە و داوایان لێبکەین ڕێز لە ماف و کەسایەتی ژن بگرن. هەروەها داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کوردی دەکەین وەکو دووەم هێزی گەورە لە عێراقدا کە کارتی هاوسەنگی سیاسی لە دەستدایە، هەموو سەنگی خۆی بەکاربهێنێت لە دژی پێکهاتنی حکومەتێکی ئیسلامی لە عێراقدا. دروستبوونی ڕژێمێکی ئیسلامی نەک هەر لە بەرژەوەندی مافەکانی ژندا نابێت، بەڵکو دژی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردیش دەوەستێت.

سەرکردایەتی سیاسیی کوردی لە عێراقدا لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بە سێکیولەر ناسراوە و لەناو سەنگەری هاوپەیمانانی دژ بە تیرۆریزمیش جێگای خۆی کردۆتەوە. بۆیە باوەڕمان بەوە هەیە کە دەسەڵاتدارانی کوردی دەتوانن وەکو هێزێکی کاریگەر بەرەرووی هەموو مەیل و تیارێکی ئیسلامی سیاسی بوەستن و لە دەستوری نوێی عێراقدا مافەکانی مرۆڤ بچەسپێنن.

کورد لە ساڵی 1991 ەوە حوکمڕانی خۆی و بەشێکی گەورەی کوردستانی عێراق دەکات. سەرەڕای گیروگرفت و هەندێ ڕووداوی ناهەموار، کوردستانی عێراق لە ماوەی چواردە ساڵی ڕابردوودا جۆرێک لە ئازادی و دیموکراسیەکی ڕێژەیی بەخۆیەوە بینیوە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو ئەزموونێکی بێوێنە لە قەڵەم دەدرێت. لەو ماوەیەدا ژنی کورد و بەرگریکەرانی مافی مرۆڤ ئەو ئاووهەوا

تایبەتییەیان قۆستەوە و کەوتنە خۆرێکخستن و هەڵمەتکردن بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان. لە ماوەی چوارده ساڵی رابردوودا، دەیەها رێکخراوی ژنان دامەزران و بە گوڕ و هێزەوە خەبات دەکەن. ژنانی کورد، سەرەڕای سەختی بارودۆخی سیاسی و خۆبەستنەوەیان بە دەسەڵاتەوە، لەم ماوەیەدا توانیویانە کۆمەڵێ دەستکەوت بەدەستبهێنن وەکو:

1. وورووژاندنی رای گشتی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە مافەکانیان.
2. وورووژاندنی هەندێ مەسەلەی تابوی وەکو کوشتن و توندوتیژی و تاوانی ناموسپەرستانە و وەستان دژی نایەکسانی و نادادوەری.
3. ریفۆرمکردنی یاسا بە لابردنی چەند برگەیەک لە یاسای سزا و یاسای ئەحوالی شەخسی عێراقی. هەرچەندە کاری زۆر ماوە بکرێت بۆ پیادەکردنی یاسا نوێیەکان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ لەم گۆڕانکارییانە، بەڵام ئیمڕۆ لەرووی یاساییەوە پیاو بۆی نیە بە بیانووی ناموسپەرستیەوە تاوان بەرامبەر بە ژن، خوشک، دایک یا کچی بکات.

ئەگەر بواری ئازادی و رادەربڕین هەبێت، دەکرێت ئەو ئەزموونەی ژنانی کورد لە سەرانسەری عێراقدا دووپات بکرێتەوە.

لەم بارودۆخە تایبەتەی ئێستادا و پێش پێکهاتنی حکومەت و داڕشتنی دەستوری نوێ، بەناوی رێکخراوی چاودێریی مافی ژنی کوردەوە داوا لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردی و لایەن و گروپە مافپەروەرەکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەکەین پشتگیری لە ژنانی کورد بکەن بۆ رێگەگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراقدا. پێویستە دەستوری نوێی عێراقی تەواوی بەندەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێت. دەبێ ئایین لە کاروباری دەوڵەت جیابکرێتەوە و بە هیچ شێوەیەک رێگا نەدرێت شەریعە ببێت بە سەرچاوە لە داڕشتنی دەستوردا. یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا مەسەلەیەکی جەوهەرییە و دەبێت هەمووومان خەباتی بۆ بکەین.

ڕێکخراوی چاودێریی مافی ژنی کورد لە بزووتنەوەی ژنی کورد دژ بە توندوتیژی ناسراو بە کواک (KWAHK) ەوە لەدایکبووە. ئەو ڕێکخراوە لە هاوینی 2004 دا وەکو پێویستیەک لە پێناوی فراوانکردنی پانتاییەکانی کار و چالاکیمان لە رووی یاساییەوە سەریهەڵداوە. لێرە بەدواوە کواک تەنها وەکو پڕۆژەیەکی تایبەت بە توندوتیژیی و تاوانی نامووسپەرتییەوە لەچوارچێوەی ڕێکخراوی چاودێریی مافی ژنی کورد دا کاردەکات.

ڕێکخراوی چاودێریی مافی ژنی کورد بۆ بەرگری و چاودێریکردنی مافەکانی ژنی کورد لە سەرانسەری کوردستان و دیاسپۆرای کوردیدا «تاراوگە» خەبات دەکات.

8 ی مارتی 2005 -

ڕێکخراوی چاودێریی مافی ژنی کورد
www.kwahk.org
Email: info@kwahk.org